پەروەردە ڕێنمایی دەدات بە دابینکردنی هێلی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ بۆ ئەو قوتابیانەی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی پەروەردە، فەرمانی دا بە دابینکردنی هێلی ئێنجامدانی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بۆ سەرجەم ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە کەماری ئیسلامی ئێرانەوە گەڕاونەتەوە بۆ عێراق.

لە ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتەکەدا کە بەدەست ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، هاتووە: "بەهۆی ئەو هەوداوانەی ئێستا لە ئێران دێگوزەرێن، وەزارەتی پەروەردە/ لێژنەی هەمیشەیی تاقیکردنەوە گشتییەکان فەرمانی بەپێلە دەرکردووە کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر دابینکردنی هێلی ئێنجامدانی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بۆ سەرجەم ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە عێراق، و تاقیکردنەوەکانیش لە نزیکترین قوتابخانە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان ئێنجام دەدرێت."

ئاماژەی بۆشکرد: "لە حاڵەتی نەتوانینی ئێنجامدانی تاقیکردنەوەکان لە وادەی دیاریکراوی خێیاندا، ڕێگەیان پێ دەدرێت تاقیکردنەوەکان لەگەڵ ئەو قوتابی و خوێندکارانەدا ئێنجام بدەن کە تاقیکردنەوەکانیان دواخستووە ، ئەوەش لە میانی هەفتەی دووەمی دەستپێکردنەوەی دەوامی فەرمی دوای پشووی بەهار."

